دوای بەدەستهێنانی زۆرترین دەنگ لە هەڵبژاردنەکاندا... ڕیبوار تەها پابەندبوونی خۆی بە مانەوە لە کەرکوک دووپاتدەکاتەوە

ڕیبوار تەها سەرۆکی لیستی یەکێتی لە پارێزگای کەرکوك ڕایگەیاند، نابێتە پەرلەمانتار و ناچێتە بەغدا بەڵکو لەسەر ئەرکەکەی بەردەوام دەبێت، دەشێت، "هاوڵاتیان بە ئەرکەکانیان ئەرکیان قورستر کردم".

ڕیبوار تەها پارێزگاری کەرکوك کە سەرکایەتی لیستی یەکێتی دەکرد لە کەرکوك، ئەمڕۆ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا کەموتەڵع بەدواداچوونی بە کردووە، ڕایگەیاند، "بە کارکردنی پێکەوەیی توانیمان لیستی یەکێتی بکەین بە براوەی هەڵبژاردن لە کەرکوك، ئەمە دەستکەوتێکی گەورەیە بە خەڵکی کوردستان، دەنگی یەکێتی لەم هەڵبژاردنە لەگەڵ هەڵبژاردنی 2021، یەکێتی 100 هەزار دەنگ زیادیکردووە".

ئاماژەی بەوەشکرد، ناچێت بە بەغدا و وەکو پارێزگار بەردەوام دەبێت نەك ببێتە پەرلەمانتار، خەڵکی کەرکوك دڵنیا دەکاتەوە کە بەردەوام دەبێت و خزمەتی ساڵی داهاتوی جیاواز دەبێت لە ڕابردوو.

کەمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنی عێراق باسی لەوەکردووە، ڕیبوار تەها بە

بەدەستهێنانی 96 هەزار دەنگ توانیویەتی یەکەم لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان بەدەستبهێنێت.